# با لەگەڵ هاوڵاتیدا هاوخەم و هاوخەبات بین

## بەختیار کەریم

دادگایەک لە سلیمانی "ئاسۆس هەردی" و "توانا عوسمان"ی بە شەش مانگ زیندانیی لەگەڵ ڕاگرتنی جێبەجێکردندا سزاداوە، لەسەر بڵاوکردنەوەی هەواڵێک کە ویژدان دەهەژێنێت. بەڵام لە جیاتی ئەوەی بنووسن فلان وەزیر فەرمانی دەرکردنی دوو کارمەندی داوە لەسەر بڕینی هێڵی تەلەفۆنی ماڵی عومەر فەتاح، نووسیویانە خودی عومەر فەتاح فەرمانەکەی دەرکردوە. لێرەدا ناکرێت نەپرسین ئەگەر ئەمە دوژمنایەتیەکی سەرسەختی عومەر فەتاح نییە لەگەڵ ئازادی دەربڕیندا، هۆی چییە کە ئەم ئەزیزە ئەوەندە سوورە لەسەر ئەم دادگاییکردنە، لە کاتێکدا هەر لە وەزارەتەکەی خۆیدا چەندین کەس هەن کە شایانی دادگاییکردنن، بەڵام ئەوانە پشگوێ دەخات و دوو ڕۆژنامەنووس لەسەر هەڵەیەکی زیدە بچووک دەدات بە دادگا. لەڕاستیدا ئەمە ئاماژەیەکی سامناکی دیکەیە بۆ ئەو دەسەڵاتە تۆتالیتارەی هەوڵدەدات لە ڕێگای یاساوە تۆڵەی خێڵەکیانە لە کۆمەڵگای ئێمە بکاتەوە. ناکرێت ئێمە سزادانی ئاسۆس و توانا ڕاگوزەر بەلاماندا تێپەڕبێت و ئەوەندەی سووتانی گووندێک لەلایەن بەعسەوە زام لە ڕۆحماندا جێنەهێڵێت. ناکرێت بە بێدەنگبوونمان دەستخۆشی لەو خەمساردیە بکەین کە دەسەڵاتی یەکێتی دەینوێنێت بەرامبەر خەونەکانی کۆمەڵگای ئێمە بۆ ئازادیەکان، لە هەموویان گرنگتر ئازادی دەربڕین. ئەم دادگاییکردنەی توانا و ئاسۆس لە کاتێکدایە کە بۆ جاری دووەم لەلایەن هەمان دەسەڵاتەوە "حەویز حەویزی"، بە ئامانجی دەمکوتکردنی دەستگیر دەکرێتەوە.

لێرەوە، با دیسان دەنگ هەڵبڕین و ئێمەی تاراوگەنشین پاڵپشتی خۆمان بۆ ئەم دوو ڕۆژنامەنووسە چالاکە ڕابگەیەنین. هاوکات یەکێتیش لەو ڕاستیە ئاگادار بکەینەوە کە ئێمە ڕێگەنادەین هەروا سانا دوو ڕۆژنامەنووس لەسەر هەڵەیەک بخزێننە کونجی زیندانەوە ئەگەر بۆ تەنها کاتژمێرێکیش بووە. ئێمە خۆمان بە میراتگری ئەو نەوەیە دەزانین کە لە زیندانەکانی بەعسدا ئەشکەنجە دەدران. ئەمڕۆش وەک وەفایەک بۆ ئەو مرۆڤە مەزنانەی بێتاوان لەو زیندانانەدا گیانیان شادبوو، ئامادەین هەموو جیهان پڕبکەین لە "نا" لەسەر زیندانیکردنی قەڵەمە بوێرەکان. دوابڕیار لای ئەو سەرکردایەتییە کە بەرپرسە لەم پرۆسە شەرمهێنەی بە ناوی یاساوە سەرکوتی ڕۆژنامەگەریی ئازاد دەکات، یان پاشەکشە دەکات یان ڕۆحی کۆمەڵگای ئێمە پاشەکشەی پێدەکات.